# چەند دروشمێکی خوێندکاران لە ئایاری ١٩٦٨ دا

حەمید زنار
لە عەرەبییەوە: لاس



* ماف لە ژیاندا دەسەنرێ و نادرێت.

* چاخی زێڕین، ئەو چاخانە بوو کە زێڕ تێیدا باڵادەست نەبوو.

* موقەدەس، دوژمنمانە.

* ئەوەی فێری بوون، فەرامۆشی کەن و خەون ببینن.

* لە ناخی هەر مرۆڤێکدا، (حی لاتینی)یەکی نوستوهەیە.

* با دوای کارگەو زانکۆکان، ڕای گشتی پاوانکەین.

* با تەلەفزیۆنەکان بکوژێنینەوە و چاومان بکەینەوە.

* لە کۆمەڵگەیەکدا کە هەموو ڕسک و سەرکێشیەک پەک بخات، چارمان نییە جگە لەوەی ئەو کۆمەڵگەیە خۆی پەک بخەین.

* بونیادێک خۆی فشەڵ و داڕماو بێت، پینەو پەڕۆ کردنی کەڵکی نییە.
* با وا سەیری حەز و ئارەزووەکانمان بکەین، کە شتگەلێکی واقعین.
* سروشت کەسی وەک کۆیلە و خزمەتکار دروست نەکردووە.
* نامەوێت مۆجیاری کەس بکەم و کەسیش فەرمانم پێنەکات.
* دام و دەزگایەکمان دەوێت خزمەت بە مرۆڤ بکات، نەک مرۆڤ ببێتە خزمەتکاری دام و دەزگاکان.
* ئەو بەختەوەریەی پێشبینی دەکرێت سبەینێ بێت، پەستی و بێزاری ئەمڕۆ ناڕەوێنێتەوە.
* با قەدەغە، قەدەغە بکرێت.
* نامەوێت ژیانم لە بەدەست هێنانی بژێوی ڕۆژانەمدا، بەهەدەر بدەم.
* مایەی داخە تەحەمولی دەسەڵاتداران بکەین، گەمژەیشە خۆمان هەڵیانبژێرین و دەنگیدان بدەینێ.
* تۆ ئازادم مەکە، ئەو کارە خۆم دەیکەم.
* هەر فیکرێک کە ڕاوەستاو سەقامگیر بوو، بۆگەن دەکات.
* لە ناخی هەر یەکێکماندا پۆلیسێک نوستووە، پێویستە بیکوژین.
* کالاو شمەک، ئەفیونی گەلانن.
* زیادەڕۆیکردن و پڕکێشی کردن، دەسپێکی ئەفراندن و داهێنانە.
* مرۆڤ نە ژیرەو نە گەمژە، بەر لە هەر شتێ ئەو بونەوەرێکی ئازادە.
* با دەستبەجێ زانکۆی سۆربۆن، لە مەسیحیەت پاک بکەینەوە.
* ئەم دنیا ڕاگرن، دەمەوێت دابەزمە خوارێ.
* ئایدیای شۆڕشگێڕانە نییە، ئەوەی هەیە تەنها کردەوەی شۆڕشگێڕانەیە.
* با لە ئاست خەون و خۆزگەکانماندا بین.
* تاوانبار و دەست درێژیکەر ئەو کەسە نییە یاخی دەبێت، بەڵکو ئەوەیە ملکەچ و ڕازی دەبێت.
* شۆڕش ئەو کاتە کۆتایی دێت، کە دەبێت قوربانی بۆ بدرێت.
* نامانەوێت ببینە سەگی پاسکردن، نامانەوێت ببینە خزمەتکاری کەپیتالیسم.
* تا چەند سێکس و ئەڤینداری بکەیت، حەز بە شۆڕشکردن دەکەیت. تا چەند شۆڕشیش بکەیت، ئەوەندە ئارەزووی سێکس و ئەڤینداری دەکەیت.
* تا زیاتر بەرخۆری بکەن، کەمتر دەژین.
* پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن، تەڵەیەکە بۆ گەمژە و کاڵفامەکان.
* ملکەچی و گوێڕایەڵی لەگەڵ هۆشیاریدا دەست پێدەکات، هۆشیاریش لەگەڵ یاخی بوندا دروست دەبێت.

## سەرچاوە

ماڵپەڕی (اوان)، ٢٠٠٨/٥/٧.